# بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەنفال، چی دەگەیەنێت؟

شاخەوان شۆڕش
01.08.2007

لە هەفتەی ڕابردوودا بە هۆی بردنەوەی جامی ئاسیا لە لایەن هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێراق، گەلێ لە خەڵکی کوردستان لە شارەکانی باشوری کوردستاندا، ڕژانە سەر شەقامەکان و ئاڵای ئەنفال و بەعسیان بەرزکردەوە و لە ژێر ئەو ئالایەدا سەما و هەڵپەرکێیان کرد. هەردوو سەرۆکی ی.ن.ک و پ.د.ک پیرۆزابییان لە هەڵبژاردەی ئێراق کرد و جەلال تاڵەبانی یەکی 10 هەزار دۆلاری بە یاریزانەکان بەخشی.
ئەو ڕووداوە یەکێکە لەو ڕووداوە دژە کوردستانیانەی کە ئاسایی لە کوردستانی ژێردەستی ی.ن.ک و پ.د.ک دا ڕوودەدەن. ئەو ڕووداوە کە بەهۆی میدیاکان گەیەندرایە هەموو جیهان، هێمای بۆ ناسنامە شێواوی نەتەوەیەکی گرفتار دەکرد. دیارە ئەم بابەتە لەم چەند دێرەدا وەلامی نادرێتەوە و ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێت.

مێژووی گەلی کورد پڕیەتی لە ڕووداوی وا کە جێگای شانازی نین، هەر لە کۆنەوە جا لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، کەسە کوردەکان لە پێناوی بەرژەوەندی بێگانەدا، یارمەتی و هاوکاری نەتەوە و گروپی بێگانەیان کردووە، کە جار وابووە ئەو دەسەلاتە دژی گەلەکەی خۆشیان بووە. لە پێش زایینەوە ئەو دیاردەیە بە شێوەی جۆراوجۆر تا ڕۆژی ئەورۆمان درێژەی هەیە.
ناسیونالیزمی کوردی (کە هەندێ کەس بە بە هەڵە گشتگرانە دەیخەنە پاڵ ی.ن.ک و پ.د.ک، یا هەندێ بە مەبەست بە ی.ن.ک و پ.د.ک یەکسانی دەکەن و گشتگرانە دژایەتی ناسیونالیزمی پێدەکەن) لە دوای سەرهەڵدانیەوە وەکو بزوتنەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەگیز نەیتوانیَ خۆی بگرێت و چوارچێوە و تایبەتمەندی خۆی دابڕێژێت، لە کاتێکدا کەوتەژێر کاریگەریی بیری نەتەوە داگیرکەرە باڵادەستەکان و هزری دیکەی سەرتاپاگیری. بەمجۆرە چوون بەرەو وابەستەیی، بێبڕوایی و دورکەوتنەوە لە خۆییبوون. دروست نەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی ناسیونالیستانە ئەوجا کەلتوری یا ئازادیخوازی، هەروەها گێربوون و شەلبوونی هزری بەرایی خانی مەزن بە مەنتالی خۆبەکەمزانی و وابەستەیی کە لە باشترین باردا خۆبەڕیوەبردن لە سایەی ئاغایەکی بێگانەدا پەسند دەکات، هۆکارێکی گرنگی نابووتکردن و شێواندنی کەسایەتی کوردستانیانەی مرۆڤی کورد بوو، بەجۆرێک تاکەکانی کورد ئامادەن لە هەر بارێکی گونجاودا بچنەبەر فەرمایشتی دەسەلاتی بالادەست و هەوڵ بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەو بدەن. ئەو دیاردەیە وایکردووە ئەو مرۆڤە ناسنامە و مەنتال شێواو و ناسەربەخۆیانە ئاسایی بەها دژ و نەرێنیەکانی دژ بە بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەیان هەڵگربگرن. دیاردەی ئەو کەسایەتییە نابووتە لەناو بەناو سەرکردەکانەوە تا مرۆڤە ئاساییەکانی کۆمەڵگە بە بەڵگە هەن و درێژەیان هەیە.

کەسایەتیەکی شێواو و نابووت و بێبەها کە ناتوانێ پرەنسیپ و دیسپلینی مرۆڤێکی هوشیار وێنە بکات، دەتوانێ سنوری پاکی و ناپاکی ببەزێنێت و نۆرم و ڕێسای دژ و نائاسایی وەربگرێت و بە ئاسایی تێ بگات. ئەو مرۆڤە کە بە کەلتورێکی وابەستە و کۆیلەئامێز فرچکی گرتووە، لای ئاساییە لە هەر بارێکدا مل بۆ ئاغاکەی یا سیمبۆلەکانی بدات و کرنۆشی بۆ ببات.
بۆنمونە بوونی بەسەدان هەزار جاش و بەشداری دەیانهەزار کورد لە لەناوبردنی گەلی خۆیان لە کارەساتی گەلکوژی ئەنفالدا. بانگاشەی برایەتی لەگەڵ نەتەوەی چەوسێنەر و گەلکوژکار. گەڕانەوە بۆ ستاتی گەلکوژکار و بەرگری لە یەکێتی خاکە سەپێندراوەکەی. پێش داگیرکەر کەوتن و کورد کوشتن. نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەی دژە کورد و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی. تیرۆر و ئازار بە دەست تورک چەشتن، کەچی لایەنگریکردن لە تیمی وەرزشی تورک. ڕێگادان بە هاتنی عارەب بۆ شارەکانی کوردستان و فرۆشتنی زەوی پێیان و کاردروستکردن بۆیان. نووسینی کانون بە عارەبی و کردنی زمانی عارەبی بە زمانی باڵا و کانون. ئەوانە و زۆر نمونەی تر دەرهاویشتەی بوونی کەسایەتیەکی نابووت و شێواون.

**بەرزکردنەوەی ئاڵای ئێراق، کە بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەنفالە، لە لایەن کەسانێک کە گەلەکەیان لەژێر ئەو ئاڵایە ئەنفال کراوە یا ڕاستەوخۆ خۆیان قوربانی گەلکوژین. چوونەوەژێر سەروەریی ستاتی گەلکوژکار و کەلتوری ئەنفالە، کردەیەک کە سەرکردەکانی دەسەڵاتی کوردی چەپڵەی بۆ لێدەدەن.**

**باشە بپرسین، ئایا جووەکان ئامادەن ئاڵای نازی ئەڵمانیا بەرزکەنەوە و شایی لە ژێردا بکەن؟ ئایا بۆسنیەکان ئامادەن ئاڵای سربەکان بەرزکەنەوە و سەمای لە ژێردا بکەن؟ ئایا ئەرمەنیەکان ئامادەن ئاڵای تورکیا بەرزبکەنەوە و لە ژێریدا هەڵەپڕکێ ساز بکەن؟ هتد. بێگومان هەرگیز. کە کەسە کوردەکان یا سەرکردەکان ئەو کارە دەکەن، واتای ئەوەیە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەو هوشیاریەی کە نەتەوەکانی جیهان لەمێژە تێیان پەڕاندووە.**

**لە سەردەمێکدا کە ستاتی ناسیونال و بەرژەوەندی ناسیونالانە کۆمەڵگەی جیهان پێکدەهێنن و داڕێژەرەی سیستەمی نێونەتەوەیین، پێویستە گەلی کورد هەوڵی گەیشتن بە ئاستێکی هوشیاری ناسیونالیستانەی وا بدات کە بتوانێ بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی هۆشیار بێ و بتوانیت وەکو فەرەنساویەک، ئەمەریکاییەک یا دانیمارکیەک یا هەر ناسیۆنێکی ئازادی دیکە بە تەنگ سەروەری و بەها نەتەوایەتیەکانیەوە بێت، هەروەها سوکایەتی بە خۆی و قوربانیانی نەکات و شانازی بە بوون و کەسایەتی خۆیەوە بکات.**